ناچنە بەهەشتەوە هەتاوەکو ئیمان دەهێنن، وئیمان ناهێنن هەتاوەکو یەکترتان خۆش دەوێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ناچنە بەهەشتەوە هەتاوەکو ئیمان دەهێنن، وئیمان ناهێنن هەتاوەکو یەکترتان خۆش دەوێت، ئایا شتێکتان پێ بڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن (بەهۆیەوە) یەکتریتان خۆش دەوێت؟ سەلام کردن لە نێوانتان بڵاو بکەنەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە تەنها ئیماندار دەچێتە بەهەشتەوە، وئیمان کامڵ نابێت وحاڵی کۆمەڵگا باش نابێت هەتاوەکو مسوڵمانان یەکتریان خۆشدەوێت. پاشان -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بۆ باشترین شت کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی ئەویش بریتیە لە سەلامکردنی مسوڵمانان لەیەکتر، کە خوای گەورە سەلام کردنی بۆ ڕێز گرتن داناوە لەنێو بەندەکانی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3361